www.kurdistannet.org
15-2-2007 15:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**عادل و گەڕانەوە بۆ مێگەل. . . ! باوەڕ پیرۆززادە**

زۆربەی کادرو قەڵەم بە دەستەکانی حزب پارە بە جۆرێك دەستەمۆی کردوون لە زمانی لێکدانەوەو ڕەخنە نازانن هەوڵ دەدەن کۆمەڵگا بۆ ڕۆژگاریی بە مێگەل بوون بگەڕێننەوە بەڵام بە چەمکێکی تازەگەر لە ژێر ناوی (مریشکتریکا. . لەسەر وەزنی بێرۆستریکا) و (تووتینۆست. . لەسەر وەزنی گلاسنۆست) .

ڕۆژی 2/14 کەسێك لە ژێر حیجابی عادل عەلی لە وەڵام بە نووسینێکی من بە کۆمەڵێك ڕستەی ناجۆری وەك فیشەکە شێتە وەڵامی داومەتەوە، من گەرەکم نیە لەسەر سیستەمی (بەرقو بەرد) کاربکەمو وەڵامی بدەمەوە، بەڵام دەپرسم ئەرێ بۆ حزبی کوردی بە تایبەتی ئەندامانی پ. د. ك زمانو ئەرك‌وراڤەکردنی ڕەخنە تێ ناگەنو تا وەڵامەکانیشیان بۆنی خوێنی لێ دێت. . ؟؟

بۆ بەڵگەی قسەکانم کە پارتی دوای کۆبوونەوەکەی ئەمریکای ساڵی 1992 لەسەر فیدرالیەت کاری کردووە، با عادل عەلی حیجاب تەنیا سەیری بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 بکات ئینجا بۆی ڕووندەبێتەوە من ڕاستم یاخود جەنابی، هەروەها ئەگەر کاتی هەیە با سەیری زنجیرە سەروتارەکانی ڕۆژنامەی خەبات لە ڕۆژانی 1996/9/1 تا 1996/11/1 بکات!

برای چاوڕەشی تووڕەم. . من کە ڕەخنە دەگرم خۆم لە قینو لەکەدارکردنی ئەمو ئەو دەپارێزم ئەگەرنا هەر بە قافیەو سەجع دەمتوانی گەنجێتیت ناشیرین بکەم، من ڕەخنە دەگرم پێتانم وتووە کە شێوازی دارشتنی پرسیارەکەتان بۆ فازیل میرانی هەڵەیەو جۆرێکە لە چەواشەکردنی مێژوو، تا کە فازیل میرانی وەڵامی پرسیارەکەتان سەبارەت بە فیدرالی دەداتەوە ناڵێت پارتی دەسپێشخەری فیدرالی بووە وەك ئێوە کە نووسیوتانە بەڵکو دەڵێت فکرەیەك لە لای پارتی هەبووە، ئێوە لە سیاقی پرسیارەکانتاندا لەو چاوپێکەوتنەدا وەك هەولێر پۆست ماهییەتی شاراوەی خۆتان ئاشکرا کرد کە ڕاستەوخۆ سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراقن، بڕۆن لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی خۆتاندا ئەم بۆچوونەم ڕاڤە بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.